# «ئەجەل» وەک میکانیزمێکی بەرگری

وەلید عومەر

توێژەر لە بەشی توێژینەوەی ناوەندی رۆشنگەریی چاودێر

# پوختە

«ئەجەل»، زاراوەیەکی دینیی ناو فەرهەنگی مسوڵمانە و ڕۆڵێکی گرنگ لە کۆئەندامی دەروونیی ئەودا دەگێڕێت. ئەجەل گەرچی ناوێکی دینییە، بەڵام ئەرکی وجودی و دەروونییشی لە ژیانی مسوڵماندا هەیە و ئابورییە دەروونییەکەی ڕادەگرێت. ئەجەل بەو دوو جۆرەوە کە لە قورئاندا باسکراوە، لە گشتەوە بۆ بەش، لە جەبرەوە بۆ ئیختیار شیاوی وردکردنەوەیە. بۆ ئەمەش لەجیاتیی ئەوەی خوێندنەوەی ناودینیی بۆ بکەین، پێویستدەکات تاوتوێیەکی دەرە-دینییشی بۆ بکەین. لەم توێژینەوە بچوکەدا، لەسەر کرۆک و ماهیەتی ئەجەل دەوەستین و کۆمەڵێک تێبینیی تیۆری دەخەینەڕوو. تێبینییەکان، گەرچی بەشێکیان بە زاراوە دەروونشیکارییەکان خراونەتەڕوو، بەڵام دەروونناسیی ڕووت نین بە واتا باوەکەی. ئەوەی دێت پشکنینێکی تیۆرییە و بە نێوانگریی دەروونشیکاری مانیفێستدەبێت.

وشە سەرەکییەکان: ئەجەل، دەروونشیکاری، کات، زانین، نەست

# ئەجەل لە قورئاندا

وشەی «ئەجەل», هاتووەتە ناو زمانی ژیانی ڕۆژانەی مسوڵمانەوە(بۆنموونە مسوڵمانی کوردزوبان). وشەکە لەڕووی زمانەوانییەوە بە واتای «ماوەی دیاریکراوی شتێک» دێت, سەقفێکی زەمەنی کە ژیان یان کارێک یاخود پرۆسەیەکی تیا کۆتاییدێت. لە فەرهەنگی "المعجم"دا بەم شێوە پێناسەکراوە: «الَأجَلُ: مُدَّهُ الشیو... الوقت الڈی یُحَدَّدُ لانتهاو الشیو أَو حُلُولِهِ»(١, المعجم). واتە: «ئەجەل, ماوەی شتێکە...ئەو کاتەیە بۆ کۆتاییهاتنی شتێک یان لەناوچوونەکەی دیاریدەکرێت»(١, المعجم). وشەکە مانای مەجازییشی هەیە بەڵام بۆ باسەکەی ئێمە هەر مانا حەرفی و حەقیقییەکەی بەسە. بۆیە لە قورئانیشدا و «لە پەنجا و شەش ئایەتدا»(٢, البلاغ), ئەجەل تێکڕا بەم مانا نزیک لەیەکترە هاتووە, واتە تێکڕا گوزارشت لە کاتێکی دەستنیشانکراو دەکات کە مرۆڤ یان دیاردەیەکی تیا دەژی و پاشان بەروارەکەی بەسەردەچێت. لە کۆمەڵێک ئایەتی قورئانییدا, ئەجەل وەک جۆرە توانست و باڵادەستییەکی خودا پیشاندراوە کە مردن بەدەستی ئەوە, نەک هەر مردن بەڵکو بەروارەکەشی شتێکە ئەو خۆی نوسویەتیەوە. لە سورەتی «اعراف-ئایەتی ٢»دا هاتووە: « هُوَ الَّڈِی خَلَقَکُم مِن گِینٍ پُمَّ قَچَی أَجَلاً وَأَجَلٌ مُّسَمّیً عِندَهُ پُمَّ أَنْتُمْ تَمْتَرُونَ». واتا کوردییەکەی بەم جۆرەیە: «هەر خوایە ئێوەی لە گڵ و (مادەیەکی بێگیان) بەدی هێناوە, لەدواییدا کاتێکی نادیاری بۆ مردن داناوە, وە کاتی دیاریکراوی لای خۆیەتی, ئەوسا ئێوە شک دەکەن»(٣, تەفسیری شەپۆل). بەپێی ئەم ئایەتە و ئایەتە هاوشێوەکانیشی, ئەجەل و وادەی مەرگو شتێکی وەک ئەفراندن و خەلیقەت بەڵگەنەویستە. یەکێک لە ئایەتەکانی تر کە جەخت لەسەر ئەجەل و دیوە بەڵگەنەویستەکەی دەکاتەوە بریتییە لە ئایەتی ٣٤ی سورەتی الاعرافدا هاتووە: « وَلِکُلِّ أُمَّهٍ أَجَلٌ فَإِڈَا جَاوَ أَجَلُهُمْ لَا یَسْتَأْخِرُونَ سَاعَهً» کە واتاکەی بەم جۆرەیە: «وە بۆ هەر نەتەوەیەک ماوەیەکی دیاریکراو هەیە, جا کاتێ ماوەیان

هات, سەعاتێ پاش و پێشیان بۆ نیە»(٤, تەفسیری شەپۆل). بەپێی ئەم ئایەتە, ئەجەل نەک هەر قەدەرێکی کاتییە و خودا دەینوسێتەوە, بەڵکو قەدەرێکی بەکۆمەڵە و بۆ نەتەوەکانیش دیاریکراوە.

خاڵێکی تری گرنگ بەنیسبەت ئەجەلەوە ئەوەیە کە یەک حاڵەتی نیە. ئەمە هیچ لە ناواخنی باسەکەمان ناگۆڕێت, بەڵام دەشبێت ئاماژەی بۆ بکەین. لە زۆر تەفسیری قورئاندا ئاماژە بۆ دوو جۆر ئەجەل کراوە لە ژیانی مرۆڤدا, کە بریتیین لە «اجل مسمّى» و «اجل معلّق» کە بەنزیکەیی دەکەنە «ماوەی دیاریکراو» و «ماوەی دیارینەکراو». واتە, دوو جۆر ئەجەل بۆ مرۆی مسوڵمان لەگۆڕێدایە, یەکەمیان دیاریکراوە و بەدەستی خودا خۆیەتی. دووەمیان, دیارینەکراوە و بەدەستی بەندە خۆیەتی پێشی بخات یان دوای بخات. یەکەمیان مەرگە سەرەکییەکەیە وا لە چارەی مرۆڤ نوسراوە, دووەمیشیان ئەو بەروار و ئیختیارە ڕۆژانەییەیە کە کەسێک مردنی خۆی پێشدەخات(بۆنمونە لە خۆکوشتندا). بەم پێیە, «ئەجەلی مرۆڤ لە فەرهەنگی قورئانییدا بەسەر دوو جۆردا دابەشکراوە کە بریتیین لە «اجل مسمی» و «اجل معلق». یەکەمیان, تارادەیەک لە مردنی سرووشتی دەچێت, ئەوەی لە کاتی خۆیدا بەشێوەیەکی سرووشتی ڕوودەدات, بەڵام هێشتاش هەندێ جیاوازییان هەر هەیە. دووەمیشیان, هەندێک لێکچوونی لەگەڵ مردنی کتوپڕدا هەیە. دیارە واباشترە بۆ «اجل معلق» دەستەواژەی «مردنی پێشوەخت» دانێین. بۆ «اجل مسمی»یش کۆمەڵێک هاوتامان هەیە وەک: اجل حتمی, اجل محتوم, اجل مکتوب و اجل معین. بۆ «اجل معلق»یش دیسان هەردوو دەستەواژەی «اجل مشروگ و موقوف» و «اجل مقچی» بەکاردەهێنرێت»(٥, اسلام کویست). گەر ئەجەلی یەکەم, حەتمی و ناچاری بێت و لە هێزێکی سەرووی مرۆڤەوە بێت, ئەوا ئەجەلێکی تر هەیە بەندەی مسوڵمان دەتوانێت ڕۆڵی تیا بگێڕێت, بەتایبەت ئەو کاتانەی کە ڕیتمی کاتی تیا دەشێوێنێت. لێرەوە دەچینە سەر سرووشتی ئەجەل وەک «کاتێکی ناکات» کە هەردوو جۆری ئەجەلەکە پێکەوە کۆدەکاتەوە.

# ئەجەل: «کاتی نا-کات»

ئایدیای بن ئەم تەوەرەمان ئەوەیە کە ئەجەل بریتییە لە وادەیەک کە هیچ وادەیەکی دیاریکراوی تیا نیە لە چاوی مرۆڤەوە. واتە, ئەجەل تەنیا لە چاوی خوداوە کاتێکی دیاریکراوە گەرنا بەندە ناتوانێت و نازانێت چ کاتێک ساتی مردنی دێت. بە دەربڕینێکی تر بیڵێین, ئەجەل ناوێکی گشتییە کە ناوەڕۆکە زەمەنییە بەشەکی و تایبەتەکەی ئاشکرا نیە. بەروارێکی گشتی هەیە ناوی ئەجەلە, بەڵام هیچ وردەکارییەکی زەمەنیی تیا نیە, سەعات و ڕۆژی تیا نیە, ساتی ڕوودانی دیار نیە. ئەجەل, کاتێکە کە دەکەوێتە دەرەوەی کاتەوە, واتە دەرەوەی ئەو کاتە مرۆییەوە کە ژیانی ڕۆژانەی پێ دەگوزەرێنین. بە مانایەکی تر, ئەجەل ئەو کاتەیە کە لەناو کاتە مرۆییەکەدا شوێنێکی ڕوونی نیە و لە فۆرمی تەمومژێکدا هەڵکۆڵراوە. هەر ئەمەش گرنگیی ئەجەل دەردەخات, گەرنا مرۆڤ نەیدەتوانی بەرگەی هاتنی ساتی مردن بگرێت و بیزانیایە چ چرکەساتێک کۆتایی پێ دێت. ئەجەل, تەنیا پێدانی زانیارییەکە لەسەر ئەوەی کە تۆ دەمریت, بەڵام ئەمە خۆی ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە و ڕاستییەکی مەترسیدارتری شاردووەتەوە کە ساتی ڕوودانەکەیەتی. هەموو دەزانین مردن هەیە, بەڵام دین ساتی ڕوودانەکەی کردووە بە موڵکی خۆی و ناوی لێناوە و بە ئایەت خاوەندارێتیی لێ کردووە. ئەمە وادەکات, دینداران بگشتی شەیدای پرەنسیپەکانی دین بن و پێیانوابێت حەقیقەت لای ئەوە. بەڵام کاتێک ورددەبینەوە تێدەگەین دین تەنیا خاوەندارێتییەکی فریودەرانە و هێزمەندانەی لەو ساتە کردووە گەرنا هیچ فاکتێکی جیا پێ نیە لەوەی ئێمە خۆیشمان دەیزانین. گرنگییەکە لێرەدایە دین بۆ سەرووی فاکت هەڵدەکشێت و بەرواری مردن کە خۆی بریتییە لە فاکتێک, دەقۆزێتەوە و ناوی ئەجەلی لێدەنێت. مرۆڤ لە ئاستەکانی مانا و بەها و دەروون و بوونیشدا, پێویستی بەوەیە خۆی بە فریوداندا بدات و تەسلیمی پرەنسیپێکی دینی ببێت بۆیە خۆی لەگەڵ حوکمەکەی دیندا هاوشوناسدەکات. واتە بڕوا بەوە دێنێت کە تەنیا لەپێناوی بڕواپێهێنانادا خراوەتەڕوو. بڕواش بە ماهیەتی خۆی شتێکە دەکەوێتە سەروو کاتەوە, دەبێت بڕوا بە شتانێک بێنیت کە ڕاستیی سەرووکاتن.

ئەجەل, پنتێکی هێجگار چڕە لە مانا کە هەموو بێماناییەکانی ساتی مردن بۆ کەسی بڕوادار دەڕەوێنێتەوە. با نمونەیەک بێنینەوە: کاتێک منداڵێک بە ڕووداوی هاتوچۆ دەمرێت, دایکی ئەم منداڵە بەر جۆرێک لە شۆک(تراوما) دەکەوێت کە هەرچی شیرازەی مانایی هەیە لەو ساتەدا بەنیسبەت ئەووەوە تێکدەچێت. مردنی منداڵەکە, لە ئاستێکی قووڵدا, بەهۆی ئەم پرەنسیپی ئەجەلەوە سارێژدەبێت(کە بە ئەگەری زۆرەوە دایکی منداڵەکە دیندارە و باسەکەی ئێمەش لە هەناوی دینی ئیسلامدایە). ئەجەل بۆ دایکی منداڵەکە, گەڕانەوەی ساتی مانایە, چونکە بڕوا بە خۆی دێنێت(چ ئاگایانە و چ نەستەکییش) کە ئەم ڕووداوە بە ئیرادەی هێزێکی سەرووتر ڕوویداوە. ڕۆژی مەرگی ئەم منداڵە هاتووە بۆیە کەس نەیدەتوانی بیگەڕێنێتەوە. لێرەوە ڕووداوەکە, تێکچوونی ڕیتمی باوی کاتە, چونکە ئەجەل هاتووە. ئەجەل تا ساتی هاتنی لەمسناکرێت, کاتێکیش ڕوودەدات چیدی کاتە ئاساییەکە وەک خۆی ناگوزەرێت. بەڵام هەر خۆیشی جۆرێک لە سارێژی مانایی و دەروونی بۆ مرۆڤەکان دروستدەکات. ئەجەل, بەو واتا حەتمییەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد, شتێکە سارێژێکی ناوەکی لەگەڵ خۆی دێنێت و مانایەک دەبەخشێتە مردنی مرۆڤەکان. ئەمەش وادەکات لە چەمکی میکانیزمی بەرگری نزیکبێتەوە کە ئیگۆی مرۆڤ بۆخۆی دروستدەکات تا بەڵکو شۆکەکان تێپەڕێنێت. ساتی زانینی مردن, شتێکە کۆئەندامی دەروونی بەپێی تەفسیرە دەروونشیکارییەکان بەرگەی ناگرێت و سوبێکت غلۆردەبێتەوە نێو دەروونپەشێوی و شێتی و هتد. بۆیە نەزانینەکە, کە دین ناوی ئەجەلی لێ ناوە, دەروونذرووستیی ئەم بوونەوەرە ڕادەگرێت. لە نەریتی دەروونشیکاریی لاکانییدا, بە کەمێک جیاواز لە فرۆید, ئەم میکانیزمە بەرگرییە بۆ ئاستی چەمکی «فەنتازیا», ئالۆزتر دەکرێت: «بەرگرییەکان کۆمەڵێک بونیادی ڕەمزی و نەگۆڕتری سوبێکتیڤیتەن (کە لاکان عادەتەن بە فەنتازیا ناویدەنێت نەک بەرگری)»(٦, ئیڤانز). میکانیزمی بەرگری لێرەدا لە واتای فەنتازیا نزیکدەبێتەوە, فەنتازیاش بە مانای خەیاڵ نایەت, بەڵکو جۆرێک لە پرۆسەی ئارەزووسازییە کە پەیوەندیی مرۆڤ و جیهان بەناچاری ڕێکدەخات. مەرگ مادام ترسی نێو ژیانە, ئەوا پێویستی بە فەنتازیایەکی وەک «ئەجەل» هەیە تا بەروراى مردنەکەی بۆ بشارێتەوە و لانیکەم تەمومژی بکات.

ئیسلام لەو خاڵەدا, ئەجەلی دیاریکراو لەلایەن خوداوە ناودەنێت حەتمی و ئەجەلەکەی تر کە مرۆڤ خۆی دەیڕەخسێنێت, ناودەنێت هەڵپەسێراو و دیارینەکراو کە دەستوەردانە لە کاری خودا. گەر بمانەوێت ئەم جۆرە ئەجەلە و سرووشتەکەی شیکەینەوە, ناچارین وەک فریویکی ئایدۆلۆژی وەریگرین کە دەیەوێت کێشە بۆ جۆرە ئەجەلەکەی تر دروستبکات. واتە, کاتێک کەسێک خۆی دەکوژێت, ئەوا کێشە بۆ ئەجەلە خواییەکە دروستدەکات و لەقووڵاییشدا گرفت بۆ پرەنسیپێکی باوەڕ دروستدەکات. بۆیە دین یەکسەر ناوی لێدەنێت و لە جۆری یەکەمی ئەجەلی دووردەخاتەوە. دیارە ئەمە سرووشتی باوەڕ و دینە و هەمیشە بیانووی بۆ ئەو شتانە هەیە کە وەک شتێکی نەرێنی

لە مرۆڤ دەوەشێنەوە. بەڵام وێڕای ئەمەش, ئیسلام دەیەوێت ماهیەتی ئەجەل وەک خۆی بپارێزێت و لە «کات»ـە ڕۆژانەییەکە دووریخاتەوە. گەر دوو کاتمان هەبێت, کاتی خوایی و کاتی ئاسایی, ئەوا ئەجەلی یەکەم خواییە و ئەجەلی دووەمیش ئاسایی. مرۆڤ کە لەناو کاتی ئاساییدایە, پیردەبێت و وزەی کەمدەبێتەوە, دەمرێت و کۆتاییدێت, بەڵام ڕۆژی کۆتاییهاتنەکەی خاڵێکی هێجگار هەستیارە بۆ ئەو. چونکە گەر یەک سەعاتیشی مابێت, ئەوا ئەو «نادیاری»یە بۆ ئەو, مایەی جۆرێک لە بەرگەگرتنە. ئەجەلە خواییەکە, مرۆڤ لەوە دووردەخاتەوە کە دەقاودەق ساتی مردنەکەی بزانێت. جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی «بزانێت دەمرێت» و ئەوەشی کە « ڕێک چ ساتێک دەمرێت». زانینەکە خۆی گۆڕان بەسەر زۆر شتدا دێنێت, بەجۆرێک کە کاتە ئاساییەکە تووشی گرژی دەکات و بگرە ژیانیش ڕەنگە بەم جۆرەی ئێستا مومکین نەبووایە. نەزانین دەرهەق بە کاتی دەقاودەقی ئەجەل, جۆرە نەزانینێکی پێویستە بۆ ئەوەی مرۆی مسوڵمان تووشی داڕووخانی دەروونی و مانایی نەیەت. بۆیە, هەردوو جۆر ئەجەلەکە سەر بە یەک ستراتیژی عەقیدەیین و لەو پێناوەدا جیاکراونەتەوە کە کاتی ئاسایی کەسی بڕوادار لێک هەڵنەوەشێتەوە و هەمیشەش بێئاگا بێت لە ساتی مردن. بڕوادار هەرکات بمرێت, ئەوا دین ئەو کاتە بە ئەجەل دەزانێت و ئەجەل لەقووڵاییدا کاتێک نیە پێشوەخت داڕێژرابێت, بەڵکو ناوی جۆرێک لە دەرەکاتبوونە کە پشێویی کاتە ئاساییەکە و دونیا کەسی بڕواداریش لە ساتی مردندا ڕێکدەخات. نەزانین لەمەڕ کاتی مەرگ, خۆی مانا بە هەموو زانین و کات و ڕیزبەندییە حەیاتییەکەی ژیانی بڕوادار دەدات. مەبەستمان ئەوە نیە دین بەتەنیا خاوەندارێتیی ئەم پرەنسیپە دەکات, بەڵکو باسی پرەنسیپەکە لەکۆدا دەکەین کە دین بەپێی پشکی خۆی و سرووشتی خۆی داڕشتووەتەوە.

# ئەجەل: پارادۆکسێك لە دیوی مرۆڤەوە

ئەجەلمان لە گۆشەنیگای سەرەوە, لای خوداوە وەرگرت. ئێستاش گۆشەکە دەگۆڕین بۆ لای کەسی باوەڕدار(مرۆڤ). لێرەدا تێستێکی زەینی ئەنجامدەدەین: کەسی باوەڕدار دەزانێت ڕۆژی مردنەکەی نادیارە, بەڵام هەروا ئاسان خۆیشی ناخاتە مەترسییەوە تا بڵێت هەرچی هات ئەجەلی خوایە(مەبەستمان ئەو کەسانە نیە بڕیاری جێهێشتنی ژیان دەدەن, بەڵکو دۆخی ئاسایی ژیانە). هەستیاریی چەمکی ئەجەل لەوێدایە کە گەرچی لە قودرەتێکی ترەوە بڕیاری لێ دەدرێت, بەڵام کەسی باوەڕدار سەرکێشی نانوێنێت و بەتەواوی پشت بەم قودرەتە خواییە نابەستێت. دیارە لە ژیانی مرۆڤەکاندا, کەمتازۆر بڕیار و سەرچڵی هەیە, بەڵام هێشتا ئەم حاڵەتە دەچێتەوە بن خانەی ئەجەلە حەتمییە خواییەکە(واتە هێشتا پێتوایە نامریت). ئەمە خاڵێکمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە کە ئیمان خۆیشی یەکانگیرییەکی ڕەهای نیە و بەهۆی کۆمەڵێک پرەنسیپی فەنتازی و ڕەمزییەوە لکێنراوەتە یەکەوە. تەنانەت کاتێک شتێکی دینی خەریکە دەکەوێتە درۆوە, ئیدی شوێنکەوتەکان خۆیان دەچنە ژێر باری دۆخەکە بۆ ئەوەی بەدرۆکەوتنەوەکە ڕوونەدات. زۆرجار مرۆڤێکی باوەڕدار, زۆرترین بیانوو بۆ خەلەلێکی دینی دێنێتەوە. چونکە لەبنەڕەتدا نایەوێت پەردە فەنتازییەکەی بدرێت و بەر شۆک بکەوێت. جار هەیە لەگەڵ شۆکدا ژیانی کەسەکەش دەکەوێتە مەترسییەوە. بەم پێیە, ئەجەل ئەو ڕاگرە فەنتازییەیە کە نابێت بەکەم وەرگیرێت و ئەوانەشی بەئاسانی خۆیان ناخەنە بەردەم مەرگ, مانای ئەوە نیە بڕوایان بە ئەجەل نیە, بەڵکو نایانەوێت کۆی سیناریۆ بنەڕەتییەکە بکەوێت. مەبەستمان ئەوە نیە درۆیەک دەپارێزن, بەڵکو درۆیەک دەپارێزن کە پێیان وایە ڕاستە و بۆ ئەوانیش بەڕەهایی ڕاستە.

ئەجەل, هەرکات دەستی بۆ برا ئیدی ئەجەل نیە. بۆیەشە قورئان جۆرێکی تری مرۆیی لێ جیاکردووەتەوە و ناوناوە ئەجەلی دیارینەکراو و هەڵواسراو. نوسینی ئەجەل بە پیتی گەورە(کەپیتاڵ و تۆخ), واتای ئەجەل دەگەیەنێت لە بارە حەتمی و خوداییەکەیدا. ئەو ئەجەلەی لە چاوی مرۆڤەوە لێکدەدرێتەوە, قەت ناگات بە ئەجەلە گەورەکە. کەلێنێکی هەمیشەیی ئەم ڕووبەرە

مرۆیی و خوداییە لێکجیادەکاتەوە. دەتوانین هەنگاوێک زیاتر بچینە پێشەوە و بڵێین: ئەجەل هەرچەند میتافیزیکی و غەیبانییش بێت, ئەوا هەر مرۆییە- بەڵام مرۆییبوونێک کە بۆ مرۆڤ خۆیشی مەحاڵە. واتە هەردوو دیوەکەی ئەجەل, لەقووڵاییدا مرۆیین, بەس یەکیان هاوێژراوەتە دەرەوە تا ژیانی کەسی بڕواداری پێ رێکبخرێت. ئەم دەرهاوێژییە شتێکی ئەنقەست و سادە نیە, بەڵکو نەستەکی و ریشەییە. بەرهەمی خۆگونجانی مرۆڤە لەگەڵ جیهاندا کە دواتر ناوی لە شتەکان ناوە و بۆ ئەوەشی بەرگەی مردن و بەروارەکەی بگرێت, جۆرە ئەجەلێکی حەتمی و دوورەدەستی بۆ خۆی دارشتووە. بەکورتییەکەی, ئایدیای ئەجەل لە مرۆڤەوە و بۆ مرۆڤ دارێژراوە, بەڵام بە نێوانگریی واخۆدەرخستنێک, واخۆدەرخستن بەوەی توخمێکی میتافیزیکی لەگۆڕێدایە و گەرەنتیی ئایدیاکەمان بۆ دەکات.

پارادۆکسێکی تر لە ئەجەلداو پرسی ئازادی و ناچارییە. ئەجەل گەرچی وەک ناچارییەک بە گوێی بڕواداردا دراوە, بەڵام جۆرە ئازادییەکیشی بۆ دەڕەخسێنێت تا بژی و مردن فەرامۆش بکات. ڕەنگە کەسێکی بێبڕواش, ئەم میکانیزمەی هەبێت و واهەست بکات ئەوە ئەو نیە دەمرێت یان لانیکەم بەم زووانە نامرێت و هتد. بەڵام جیاوازییەکە لەوێدایە کە فەنتازیا دینییەکە, مرۆڤ بۆ جێیەکی تریش ئامادەدەکات. «ژیانی پاش مەرگ», بە جیا لەوەی بڕوامان پێیەتی یان نا, ئایدیای ئەجەل بەهێزدەکات. ئەجەل جۆرە ئازادییەکی تایبەت بۆ تاکی بڕوادار دەخوڵقێنێت تا هەستبکات ئەو کاتەی هەیەتی زۆرترە لە کاتی «کەسێکی تر». هەتا ئەو هەمووە شیعرە شەعبییەی بۆ ئەجەل وتراوە, جۆرە ئازادییەکی شاراوەی تیایە کە شاعیرەکە تووشی پارادۆکس دەکات. بۆنموونە مەحوی دەڵێت: «لە پڕ بەردی ئەجەل بۆ شیشەیی عومرم نەوا بێ زوو- فیداتم، دەست و بردێ، ساقیا، جامی شەرابێ زوو»(٧, مەحوی). ئەو «کات»ـەی کە دەکەوێتە نێوان شاعیر و ئەجەلەوە, هەر ئەو کاتەیە کە دەکەوێتە نێوان بڕوادار و ئەجەلەوە. ئەم «کات»ـەش, کاتێکی لەوە بەپیتترە کە دەردەکەوێت. سوبێکت لەم مەودایەدا, هەر شتێک ئەزموونبکات, بارتەقای ئەزموونێکی تاقانەیە و ئەجەل تادێت «هەر نایەت», واتە دوورتر دەردەکەوێت. ئەم پارادۆکسە لە زۆر بواری تری ژیاندا هەیە.

# ئەنجام

باسەکەمان لە سێ خاڵی سەرەکییدا کۆدەکەینەوە

١) ئەجەل, بەپێی لۆژیکی قورئان(یان ئیسلام) حەتمییە, هەتا گەر ئەجەلەکە بشدرێتەوە دەستی مرۆڤ خۆی(ئەجەلی دیارینەکراو).

٢) ئەجەل ئایدیایەکە لە دەرەوەی کاتە رۆژانەییەکەوە, کە یەکانگیریی کاتە رۆژانەییەکە بۆ کەسی مسوڵمان دەپارێزێت.

٣) ئەجەل کۆمەڵێک پارادۆکس درووستدەکات کە مسوڵمان ناچارە بەشێوەیەکی نەستەکی و فەنتازی رێکیان بخات.

# سەرچاوەکان:

**کوردی:**

- «تەفسیری قورئانی پیرۆز», بەکوردی و بەکورتی(چاپێکی پوختەکراو), و. محەمەد ساڵەح ئیبراهیمی, کتێبخانەی سوننە.
- فەرهەنگی شرۆڤەیی دیلان ئیڤانز, و. نێگەتیڤ, ڕەهەند, ٢٠٢١.
- مەحوی ، غەزەل ، ٩٠. لە پڕ بەردی ئەجەل ئاڵەکۆک

**عەرەبی:**

- المعجم، كلمه اجل: الباحپ اللغوى الشاعر/ حماده عبيد أحمد إبراهيم
- حقيقه الْجل لغه واصگلاحاً: الموسوعه الاسلاميه. الموقع البلاغ. حزيران ٢٠٢١

**فارسی:**

- معنای «اجل مسمّی» و «اجل معلّق» چیست؟ ئیا اگر عُمر انسان به پایان برسد، مرگ او یک لحظه جلو و عقب نمیافتد؟اسلام کوئست نت: ١٣٩٤